# چۆن بتوانین دیکتاتۆر سزا بدەین؟؟؟

لە هەفتەنامەی ( ئالای ئازادی ) ژمارە 677 بەرواری 2006/9/4 بڵاوبووەتەوە

**عومەر جەلال**

Omargalal2004@yahoo.com

**سەرانی بەعسی شۆڤێنی هەرگیز وەك هەنووکە تووشی شۆکێکی گەورە نەهاتوون ,لە گەورەترین خۆش گوزەرانییەوە بۆ نێو قەفەسی زیندان ,ئەمە هێمایەکە بۆ هەموو ئەو دیکتاتۆرانەی کە ڕۆژانێك میللەتی کوردیان دەچەوساندەوە,خۆشبەختانە لە بەردەم دادگادا, دان بەتاوانە نەگریسەکانین دەنێن,بەتایبەتی لەم چەند ڕۆژەدا کە دادگایەکە لەسەر ئەنفال بەرێوە دەچێت,باشترین بەڵگەیە بۆ هەموو ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی کە بێدەنگ بوون لە ساتێکدا بەبەرچاوی هەموو مرۆڤایەتییەوە کورد لەناو دەبرا,هیچ دەوڵتێکی عەرەبی شۆڤێنی نەیانتوانی دان بە تاوانەکانی بەعسدا بنێن, بڕوا ناکەم هیچ کاتێك بەم ئەندازەیە کورد دڵخۆش بووبێت ,کە بتوانن بەبەرچاوی هەموو میدیاکانی جیهانەوە باس لەو کارەساتە دڵتەزێنانە بکەن کە ڕژێمی گۆر بە گۆر بەسەر کوردی دەهانی هەر لە کیمیا بارانکردن و ئەنفال و سوتاندنی گوندەکانەوە, پرسیارێکی گرنگ کەگرنگە لە خۆمانی بکەین ,ئایا چۆن سەدام و دارو دەستەکەی سزا بدرێن؟؟؟**

**من پێم وایە لە سێدارەدان خواستی هەموو تاکێکی کوردە ,بەلاّم کێشە لەوەدایە ئایا بەلە سێدارەدان ئاسوودە دەبین,جوانتر وایە بەبەرچاوی هەموو میدیاکانەوە سزای خۆیان بدرێن و لەهەموو تاوانەکانیان بکۆڵدرێتەوە,کە ڕەنگە هەر واشببێت,ئەو ڕژێمەی هەرگیز بە کوشتن و بڕین و سوتاندی گوندەکان نەیتوانی خەباتی کوردی کۆتا پێبهێنی ,بەڵکو ئەنفال و لەناو بردنی کورد وای لە هێزە کوردییەکان وخەڵکی شۆڕشگێر کرد کە نەك لاوازبن بەڵکو درێژە بەخەبات و بە ڕخۆدان درێژە پێبدەن تا بەم ڕۆژە گەشە بگەین ئەگەر عەرەبی شۆڤێنی و دارودەستەکەی بەعس بەم دیمەنە سەرنج ڕاکێشانەی دادگایەکەی تاوانباران هەست بە سەر شۆڕی نەکەن ئەوە هەرگێز ناتوانن بگەنە ئەو دەرئە نجامەی کە رژێمی بەعسی تۆتالیتار گەورەترین دیکتاتۆرە کە میللەتی کوردی چەوساندووەتەوە .**

**میلەتی کورد لە ئەزەلەوە بە کوێرەوەری و ژیانێکی کولە مەرگی و لە دەیان کارەساتی دڵتەزێن بێبەش نەبووە ,هەر تاکێکی کورد تەماشا بکەی بۆنی مەرگی لێدێت چ جای ئەوەی لە هەموو پارچەکانی دی کورد جینۆساید کراوە و هەوڵی سڕینەوەی شوناسی دراوە ,وەڵی نەمریی کورد لەوەدا بووە کە بەسەر هەموو تەنگەژەو دیمەنە تراژیدیاکاندا بەرەنگاری بووەتەوە,ئەشێ هیچ ساتێك هێندەی سەردەمی بەعسی شۆڤێنی کورد ئازاری نەدیبێت,هەر لەئەنفال و سوتاندی گوندەکان و جینۆساید بەبەرچاوی هەموو وولاّتە بەناو دیموکراسیەکانەوە ,بەتایبەتی ئەو دەوڵتانەی بانگەشەی مافی مرۆڤ دەکەن هیچ هەڵوێستی دژ بە ڕژێمیان نەبوو ,هەرگیز دانیان بە تاوەنەکانی بەعسدا نەدەنا ,تەنانەت ئەنفال نەکرا بە باسی کرۆکی مافی مرۆڤ ,کە ئەنفال و جینۆسایدی کورد یەکێە لە دیمەنە سەرنج ڕاکێشەکانی ژیان و مرۆڤی لە خەونێکی قوڵ هەستان ,کەچی بەو ئەندازەی لەلایەن هیچ وولاّتێکە گفتووگۆی تەواوی لەسەر نەکرا.**

**هەنووکە باشترین ساتە کە سەرانی بەعس و دارودەستەکەی بە بەرچاوی هەموو دونیاوە دان بەتاوانەکانیانا دەنێن,باشترین و خۆشترین کاتە کە کەس و کاری ئەنفالەکان وخاوەنی قوربانیەکان داوای مافی خۆیان بکەن وقەرەبووبکرێنەوە ,ئەوەی من بەدی دەکەم لە میدیای عەرەبی دا بەو شێوەیە گرنگی بەدیمەنی دادگایەکە نادرێت ئەگەر بەراووردی بکەین لەتەك دادگایەکەی دوجەیل,من پێموایە میدیای عەرەبی تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئەنفال تایبەتە بەکورد وەك بابەتێکی زیندوو قسەی لەسەر ناکەن.**

**سەرانی بەعس چۆن سزا بدرێن؟؟ کرۆکی ئەم نوسینەیە,کەهەریەك لە ئێمە خوازیارە بە پێی ی ئەو تاوانانەی کە کراون دژ بە کورد دەبێت بەو ئەندازەیە سزا بدرێن ,بەلاّم کێشەکە لەوەدایە چۆن بتوانیین مافی چەند سەد هەزار کورد لە رژێمێکی تۆتالیتاری بکەینەوە,**

**باشترین مافی گەرانەوە بۆ میللەتی کورد هەموو ئەو نەتەوانەی کە بە دەستی رژێمی بەعس لەناو براون ,دیمەنی دادگایەیە کە بەشێوەیەکی مۆدێرنانە بەرێوەدەبرێت ,جوانی دادگایەکە لەوادایە کە تاوانبارەکان هەرگیز لەم شێوازە یان نەبینیوە کە ڕۆژانێك بوون خۆیان بەبێ لێپرسینەوە و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی کوردیان لەناو دەبرد,ئەم شێواز لە دادگایەکە ئەوەمان پێ دەڵێت ,کە ڕۆژانی بەعس و دیکتاتۆریەت لە عێراقدا گوزەشت ,هەنگاوەکانی دیمکراسیەت بەرێوەیەوە ,وێنەیەکەبۆ عێراقێکی فیدرال و نوێ ...**